چیرۆک

هێمن عومەر خۆشناو

# پەیکەرسازەکانی پێش مەرگ



دەمەوێ بە هزری ئەو شانۆ ژینەدا شۆڕ ببمەوە، هێندەی قووڵایی زەریا و بەرزی شاخە سەرکەشەکان، ئاخر لێرە شاخەکان چەندە بەرزن مرۆیەکان دوو هێندە ژۆڕاتر شۆڕ دەبنەوە. هەموو توێژەکانی ئەو سەر شانۆیە لەو ئاقارەدا خزمەتی کێلی گۆڕ و پەیکەری دوای مردووەکانن، من گوێم لێ بوو باپیرم پیرێکی حەکیم بوو هەموو عەقل و ئەفسانە ئەو دەیپەرژاندە سەر ئاپۆڕای ئەو مرۆ بەستەزمانانەی کە هەموو کات قوربانییان بۆ گۆڕستان و پوش و پەڵاش و دار و کەچە پەڕۆیەکانی ئەو سەر عەرزە دەکرد، بەر لە هەموویان خۆی لە چاوەڕوانی تکای ئەو دارە قەبرانە دادەنا کە زەمانێک بوو لچی خزمەتیانی بەرکەوتبوو.

داخی ئەو نووسەرە هەر بۆ ئەوە بوو کە لەم وڵاتە نووسین عانەیەکی سووتاوی سەر گوفەکەکانیش نایەنێ و هەموو کات بەدیاریانەوە فرمێسکە وشکهەڵاتووەکانی دەکردە مەرەکەبی نووسینی ئەو تراجیدییانەی کە قەت قەتۆکە نەبینرابوون، ئەو مێژووی سەرلەبەری دارەکانی هەر هەموو نووسیبووەوە کە چۆن بە گەنجی ئەنفال دیدەی تواناکانیان دەکرێن و راپێچی دەریای پیری و هەزار عەیب دەکرێن. ئەو دارانە کە رزی دەبوون جوانتر دەبوون، داری گەنج پەڕۆکی لێ نائاڵاندرا، بۆنی بەرەکەتی لێ نەدەهات، سامی شەوانی گۆڕستانی لێ نەدەنیشت، لە هەناویدا خوێنی نووسینی تێدا دادەڕسا، خوێنی رەوا، خوێنی خاکی.



عەینەکە رەشتاڵە رزییەکەی بەسەر گرێی سەر لووتی شۆڕ کردبووەوە لە ژێرییەوە پێڵووی چاوە کزەکانی هەڵێنابوو و سەیری منی دەکرد و دەیگوت:

کوریژگە! من دەزانم لێرە ئەم قسانەشم وەک پوشێکی بەردەم هێزی رەشەبایە و خۆ راناگرێت وەک چۆن گەنجێتی

منیان بە زۆر خستە نێو بەرگی پیری، ئێستا برۆ سەیرکە ئەم دارانە چەندە گوناحن هێندە هاوار دەکەن، بەڵام کە من خۆم تەنیا قەڵەمەکەم بوونی مابێت مەحاڵە.

درەختەکان ئەم سەعاتەی پێش تەشریفی تۆ نووزەیان گەیشتە من، نەمامێکی تازە جەوان رەشتاڵ و کێلپەرستەکان هاتبوون بە زۆر ناوی خۆیان و کێلە مردووەکانیان لەسەر هەناوی ئەو هەڵدەکۆڵی، هەموو درەختەکان بە گەنجی هەناویان هەڵدەکۆڵرێ و تا خواروخێچ بە سێبەری لارەوە نەتوانن ماچی ئاسمانیش بکەن.

من تەنیا خۆم و قەڵەمەکەم و ئەو پەراوانەن، تکات لێ دەکەم ئەوانە دەممرێنن تا زوو پەیکەرم بۆ چێ بکەن، ئەم پەراوانەشم لێ دەکەنە سێبەری پەیکەر و باڵندەکان پاشماوەی خۆیانی لەسەر دەرێژن ئاخر لێرە هەموومان بۆ ئەوە دروست کراوین تا زووە ببین بە پەیکەر و خەڵکی لەبەر سێبەرەکانمان گۆرانی و لاواندنەوە و چلەی چل چلی چلینەی نانخۆرەکانم پێ بکەنەوە.

هەموو بەیانییەک ئێمە دەکرێینە ئەو گۆڕستانەی کە هەر رۆژە دەبێ چەند گەنجێک ببنە قوربانی تا کێلێکی درێژ و لە چلەیەکیشدا پەیکەرێکی نوێ دروست بکرێن، شاعیرە دەربارەکان و وەستاکانی کێل و هونەرمەندەکانی زورناژەن و پەیکەرساز و سەردولکە بێژەکانی ئاپۆرای سەر گۆڕیش هەسانی سەر داسووکەکانن.

گیا ناتوانێ بە بۆگەیی بمێنێ دەبێ زوو بکرێتە قوربانی و هەر زوو بە پووشی دەرخواردی ژێر پێیەکانی ئەو جەماوەرە دەدرێ، ئەو بەیانەی کە منیان برد، من تازە گەنج بووم دەمەویست ئەو چیرۆکە تەواو بکەم و بزانم ئەنجامەکەی چی دەبێت، بەر لەوەی گیان بدەم ئامادەکاری کرا بۆ درووستکردنی قەفەزێکی سەر گۆڕ و پەیکەرێک و کۆڕی چلەی ماتەمینیم، من هێشتا دنیایەک خەون و خەیاڵم مابوو، خەیاڵیشم هەر لای ئەو نووسەرە بوو کە نووسینەکانی خۆی بە تەمای من کردبوو ئەویش دەیزانی لە چ کەلاوەیەک و لە چ ئازارێکدا دەژی، هێشتا نۆرەی ئەویش ماوە دوای مردن لەسەر کەلاکی ئەو سکیان تێر بکەن.

دەمەویست خۆم ئاگەداری چۆنیەتی یادی ئەو و پەیکەر و کێلە گەورەکانی ئەو نووسەرە بم، چونکە دەزانم لێرە کام ئازاریان زیاتر دابێت و چەشنی درەختەکان لە نێو هەناویان ئازاری بە سوێ قوڵپی دابوو هەر یادی بەرز و پیرۆز و بەشی ئەوە.

وەک چۆن ئێوەی خوێنەر ئاگەدار دەکەمەوە کە ئێستا دەبێ بە کردەیی لە نێو گۆڕدا

بیر بکەمەوە من ئێستا خەریکە ئاگام لە خۆم دەبڕێ تەواوی ئەو پێشهات و رووداوانەی کە بەسەر ئەو نووسەرە دێن بۆ خوێنەرانی ئەو چیرۆکە جێ دێڵم، ئەوان دەزانن بارتەقای ئازاردانی دوای مردنی دووبارە بە کوڕ و پەیکەرە نایاب و کێلە بەرزەکانی جارێکی تر پرۆسەی کوشتنی ناخی دووپات دەکەنەوە کە من تەنیا خەمی ئەنجامی ئەو چیرۆکە و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەم دڵنیاتان دەکەمەوە نەیەڵن ببنە تۆزی بەر پای ئەوان.

بەردە قەبرم لەسەر سنگ دادەنێن، ئاگام لێیە دنیایەک خەڵک هاتووە، تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە لەسەر قەبران وەستاون، چاوەڕێی لێدوانی قەبە و گەورە گەورەی بەرپرسانن. کە خۆڵم بەسەردا دەکەن، دەزانم چل رۆژی تر خۆیان و دەسکە گوڵە بێ بۆنەکانیان لەسەر سەرم ئامادە دەبن. کێلی جوان، قەفەزی بەنرخ و پڕ بەها، ئەوانەی هەمبانەی درۆکانیان دڕاوە، هەڵدەڕێژن قسەی زل، من دەکەنە شاهێد، شاهێدی قارەمانێتییەکان، نووسینەکان، پیاوەتییان، شەرفدارییان، زیرەکییان، نموونەییان..... خوایە خۆت!

ئەوان بەرەو پرسە و ئاهەنگ و پێشانگەی پەیکەرەکانی من دەڕۆنەوە، ئەزیش بە شێنەیی بێدەنگ، بەختیار بەختیار لە نێو تابووت دەسەنگرێمەوە.

